**Referendum Movement in Kurdistan**

# پەیامی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم بۆ پەرلەمانی کوردستان

**کۆمیتە باڵای بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان _ دەرەوەیووڵات**

ڕۆژی 2005 – 6 – 4 هیوا ڕۆیکردەوە هەموو ماڵە کوردێک و زەردەخەنە گەرایەوە سەر لێوی مناڵەکانمان و ئارامییەک درا بە گیانی شەهیدە نەمرەکانمان ، مژدەی یەک دەنگی ماڵی کورد هیوایەکی گەشی نوێی لە جەستەی کوردیدا زندووکردەوە ، لە هەموو ماڵو کوچەو کۆلانێکی کوردا دەست خرایە سەر سنگ بۆ ئەو ئالا پیرۆزە شەکاوەیە کە لە ژێریدا ئەندامانی هەڵبژێردراوی پەرلەمانی کوردستان سوێندی یاسییان خوارد و مژدەی دەست پێکردنی کارەکانی کابینەی نوێی پەرلەمانی کوردستان راگەیەندرا .

مللەتی کورد بەچاوی هیواوە دەڕوانێتە ئەم پەرلەمانە نوێیە هەڵبژێردراوە و چاوەڕێی هەنگاوی بەتوانایان لێ دەکات بۆ بەدی هێنانی دەستکەوتی گەورەو داخوازیشە لێیان کە پەرلەمانی بڕیاردەر بێت و ڕۆڵی چاوەروان لێکراوی خۆی ببینێ لەم قۆناغە مێژوویە گرنگەی کوردستاندا ، مللەت چاوەروانە کە پەرلەمانی بیروباوەرە جیاوازەکان بێت و دەربری پەیامی جەماوەر و لانەی هێنانە دی ئاواتەکانی بێت .

لە پاڵ هیوای هێنانەدی خەونەکانمان و دلگەش بونمان بە کۆبوونەوەی پەرلەمان و بە ئاکام گەیاندنی ئەرکەکانی ، ئەوا لەم قۆناغە ناسکەدا چوار داخوازی سەرەکی مێژوویی بەرەو رووی ئەندامەکانی دەبێتەوە ودەیخەینە بەر چاوی بەرێزیان بۆ ئەوەی جێگیری بکەن لە هەلۆێستو بریارە نوێکانیاندا :

1 . پتەوکردنی گیانی برایەتی و بەهێزکردنی هەستی تەبایی و پاراستنی یەکێتی ریزەکانی گەل .
2 . کارکردن بۆ جێگیرکردنی دەستوری هەمیشەیی کوردستان بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوی یاساکان و بەرنامەی کاری ئێستاو ئاییندەمان .
3 . خۆئامەدەکردن بۆ جەنگی دەستوری نوێی عێراق لە بەغدا و تێکۆشان بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی کورد و جێگیرکردنی بەندێک لەو دەستورەدا بۆ دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسینی مللەتی کورد .
4 . پێداگرتن و سوربوون لەسەر دیاری کردنی سنووری راستەقینەی کوردستان و گەڕاندنەوەی هەموو ناوچە کوردییە زەودکراوەکان بۆ باوەشی کوردستان و لەپێش هەمووشیانەوە کەرکوکی بووکی کوردستان .

پیرۆزبایی لەخۆمان و پەرلەمانتاران و هەموو گەلی کوردستان دەکەین بۆ دەست بەکاربوونی پەرلەمانی نوێ ، دەست لەناو دەست تا هێنانە دی ئاواتی دێرینی مللەتە کۆڵنەدەرەکەمان لە سەرفرازی و سەربخۆیی.

سڵاو لەگیانی شەهیدانی رێگای رزگاری و ئازادی کوردستان .

بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان _ کۆمیتەی باڵای دەرەوەی ووڵات.